دەست و چاوتان خۆش



هێڤی کاروان/(٥) ساڵ- دهۆك

سومیا فەرەیدون/(١٢)ساڵ- بازیان



محەمەد حەسەن/(٩) ساڵ- سلێمانی

بانە بەرزان/(٤) ساڵ- سلێمانی

کاڵێ عومەر/(٥) ساڵ- سلێمانی



هۆزان شێرزاد/(٧) ساڵ- کەرکوك

هەوری سپی

وێنە/ ئیسماعیل عومەر حەسەن

ساز ئاراز محەمەد
پۆلی چوارەم
قوتابخانەی گۆرانی بنەڕەتی

هەوری سپی لە ئاسمانە
زۆر خاوێن و زۆر جوانە
جار جار گرژو ڕەش دەبێت
چونکە بارانی پێدەبێت
باران سودی هەیە بۆمان
بۆ ئاودانی دەغڵ و دان
هەوری سپی زۆر جوانە
لە ئاسمانی کوردستانە

کەرکوک

کەرکوکە شاری پێکەوە ژیان
بۆ کۆکردنەوەی گشت مرۆڤەکان
واتە کوردستان خاکی هەمووانە
بە بێ جیاوازی دین و ڕەنگمانە
گەرچی عەرەب و نەتەوەی تر هەن
لە نێو کەرکوکدا هەموو پێکەوەن
بەمەش کەرکوکی خاکی کوردستان
هەرگیز دانابڕێ لە دڵی دۆستان
کەرکوکمان ئێستا پڕ لە میوانە
پاراستنیشی ئەرکی هەمووانە



هامنۆ جەمال حسین
پۆلی شەشەم
قوتابخانەی کاکەی فەلاحی بنەڕەتی

مافی یەکسانی

لانە کچێکی جوان و ژیر بوو. ڕۆژێك کە داوای لە دایکی کرد بچێتە دەرەوە، دایکی نەی هێشت، بەڵام کە ئازادی برای لانە داوای لە دایکی کرد بڕوات بۆ لای هاوڕێکانی یەکسەر دایکی هێشتی. لانە بیری لە قسەکانی مامۆستای مافی مرۆڤ کردەوە کە وتبووی " هەموو مرۆڤەکان وەك یەك مافیان هەیە." لانە چووە لای دایکی وتی: دایە گیان، بۆ ڕێگە بە من نادەی بچمە دەرەوە، بەڵام بۆ ئازاد ڕێگە ئەدەی!؟ دایکی وتی: ئاخر ئەو کوڕەو تۆ کچیت! لانە وتی: دایە گیان ببورە ئەو قسەیەی تۆ هەڵەیە، ئێستا مافەکان یەکسان بونەتەوە. دایکی لانە کەمێك راما، پاشان ماچێکی لانەی کردو وتی: تۆ ڕاست دەکەی. بەڵێن بێ چیتر مافی کەستان پێشێل نەکەم.

ئاریز سەروەر
پۆلی شەشەم
قوتابخانەی شکاکی بنەڕەتی